# (ڕەشۆڵ) سیمبۆلی ڕەسەنایەتی لە ناو ئاواز و گۆرانی کوردیدا

زانیار سەردار قرگەیی
(سلێمانی)

هەمـــوو ئەوانەی بەناو دنیـــای ئەدەبیـــاتی کـــوردیدا گـەڕاون، ئەوەیان لەلا سـاغ بۆتەوە کـە (نالی و سـالم و کوردی)، سێکوچکەی قـوتابخانەی شیعری کوردییان لە سەردەمی بابانەکاندا پێکهێناوە، ئێمە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵـێین کـە لە سـەردەمی فـەرمـانڕەوایی شـێخ مـەحمـوودی نەمـریشـدا چەند دەنگێکی زوڵاڵ بە ئاوازی گۆرانی ڕەسەنی کوردی ئاسمان و زەمینی کوردستانیان پڕ کردووە لە ئاوازی خۆش و گۆرانی پڕ جۆشوخرۆش.

ئەگـــەر لاپەڕەکـــانی هونەری گـــۆرانی و ئاوازی ئەو سـەردەمـانە هەڵبـدەینەوە، لە ئاسـتی چەند دەنـگێکی ڕەسەن و خـۆشدا سـەرسام دەبین و بـۆمان دەردەکـەوێ کە لەسـەر دەستی ئەو شۆڕەسـوارانە ئاواز و گـۆرانی کـوردی بناغـەی داڕشتـووە و لە ڕێی کەسانی وەک: حەمە ساڵح دیلان و حـەمـەی بەکـر و ڕەشـۆڵ و ڕەفـیق چالاک و مەحموود تۆفیق شلک و چەند هونەرمەندێکی ئەم شارە، ئەوەندەی تر هونەر و ئاواز و شیعری کوردی وەک خۆیان بوونەتە ئەستێرەیەکی پڕشنگدار و درەوشاوە بە ئاسمانی هونەری کوردییەوە، بەمەش تا دنیا دنیا بێ ناو و ئاوازی ئەوان بە نەمری دەمێنێتەوە.

ئەوانەی لە کـۆڕ و دانیـشـتنەکـانی شـێخ مـەحـمـوودی حەفـید ئاگـادارن، گـەواهی ئەوە دەدەن کـە شـێـخی نەمـر زۆرجـار هونەرمـەندانی دەنگخـۆشی لە دەوری خـۆی کۆکردووەتەوە، ئەویش وەک هەمـوو مرۆڤێک حەزی بەوە کـردووە کـە بەهرەی کـەسـانی دەنگخـۆش لە کـۆڕ و مـەجلیـسی خـۆی نزیک بخـاتەوە، زۆرجـار هونەرمـەندان حەمـە ساڵح دیلان و مەحمـوود تۆفـیق شلک و حەمەی بەکر و هونەرمەندانی تر هەمیشە بۆ زیارەتی دیوانی شێخ مـەحـــمـوود بەڕێوەبوون، هەر بۆیە لەو باوەڕەداین کـە

(ڕەشۆڵ)یش هەر بەو باوەڕەوە و بەو هەستی کوردایەتییەی لە دەروونیدا قوڵپی دەدا یەکێک بێ لە هامۆشۆکەرانی بارزانی نەمر و حەزی کردووە لە نزیکەوە لە خزمەتی ئەو سەرۆکە نەمرەدا بێ و دڵنیام سەرۆک بارزانیش ڕێزی بۆ خۆی و هونەرەکەی داناوە.

بۆیە (ڕەشۆڵ)ی هونەرمەند یەکێک بووە لەو هونەرمەندە ڕەسەن و دەنگخۆشانەی ساڵانێک لە ڕێی گۆرانی چڕین و ئاوازی کوردانەوە خزمەتی بە نەتەوەی کورد و ئاوازی کوردی کردووە.

ڕەشۆڵ ناوی تەواوی (ڕەشید کوڕی حاجی عەبدوڵڵا کوڕی میرزا عەزیز)ـە، ساڵی ١٩١٢ لە گەڕەکی (سەرشەقام)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەرچەندە نەخوێندەوار بووە، بەڵام خاوەنی دەنگێکی خۆش و بەهرەیەکی ڕەسەن بووە، هەمیشە بە کەسێکی قسەخۆش و خۆش مەشرەب ناسراوە، هونەرمەند ڕەشۆڵ لە ساڵی ١٩٢٠ و ساڵانی دواتردا لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەلا کەریم لە ئێزگەی بەغداوە چەندان گۆرانییان لەسەر قەوان تۆمارکردووە، بەتایبەتی پاش کردنەوەی ئێستگەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ هونەرمەند (مەحموودی حەمەی لەیلێ) چەند گۆرانییەکی دیکەی تۆمارکردووە.

ڕەشۆڵ لە گوتنی مەقام دا توانایيەکی باشی هەبووە، لە ساڵانی ١٩٤٠ بۆ ١٩٥٠ چەندان مەقامی کوردی وەک (قەتار و خاوکەر و خورشیدی و ئەڵلاوەیس)ی تۆمار کردووە. وەک دەڵێن: لە گوتنی (مەقامی دەشت)یشدا دەستێکی باڵای هەبووە.

ڕەشۆڵ لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی، بەشداری کردووە و هەمیشە ئاهەنگەکانی ڕازاندووەتەوە و جۆشوخرۆشی بە گوێگرەکانی داوە.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووشدا لە تەلەڤزیۆنی ئێراقییەوە بەرهەمێکی باشی تۆمارکردووە، کە مەقام و بەستەیەک بووە بەناوی (گردەکەی یارە). بەم چەشنە ئەم هونەرمەندە لە ڕێی بەستە و مەقامەکانییەوە ناو و شۆرەتی لە هەموو کوردستاندا دەنگی داوەتەوە.

لە ڕووی سیاسیشەوە ڕەشۆڵی هونەرمەند کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە و بەشدارییەکی کاریگەری لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی ٦ ی ئەیلوولی/ ١٩٣٠ دا



ڕەشۆڵ

هەبووە کە بە شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی ناسراوە، جگە لە خۆی، خێزانەکەشی ئافرەتێکی نیشتمانپەروەر و بەهەڵوێست بووە، هەر بۆیە لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ مەحموودی حەفید، یەکێک بوو لەوانەی ئامادەسازی کردووە بۆ سازدانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەرفراوان و پێشڕەو بووە لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٥٦دا، ئیتر لە کاتی هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ مەحموودی حەفید بۆ شاری سلێمانی، (ئەختەر)ی خێزانی ڕەشۆڵ بە گوللەی پیاوانی ڕژێمی ئەوسای ئێراق جەستەی خەڵتانی خوێن دەکرێ و دەبێتە سیمبۆلی قارەمانیەتی و کۆڵنەدانی ئافرەتی کورد بەرانبەر بە داگیرکەران.

ڕەشۆڵ خۆشەویستی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی سلێمانی بوو، بەتایبەتی توێژی ڕۆشنبیران و شاعیرانی ئەو سەردەمە وەک پیرەمێرد و حەمە ساڵح دیلان و... تاد.

وەک دەگێڕنەوە دەنگێکی زۆر ناسک و خۆشی هەبووە، هاوشێوەی سەید عەلی ئەسغەر، هەر بۆیەش سەید عەلی ئەسغەر میوانداری دەکات و بانگهێشتی کردووەو سەرسام بووە بە دەنگی.

ڕەشۆڵ هونەرمەند و پێشمەرگە بووە، خۆشەویست و

شەیدای خاکی کوردستان بووە، زۆر پابەندی یادی نەورۆز بووە و گۆرانی بۆ چڕیوە، پیرەمێردی نەمریش شیعری بۆ ڕەشۆڵ داناوە.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ یشدا لە کاتی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ ئێراق لە ٦/ ١٠/ ١٩٥٨، پاش ماوەیەک بارزانیی نەمر سەردانی شاری سلێمانی دەکات و خەڵکی تێکۆشەری سلێمانی بە پەرۆشی و بە ئاپۆرایەکی جەماوەرییەوە بەرەو پیری بارزانی مستەفا دەچن و پێشوازییەکی کەم وێنەی لێ دەکەن کە ئەمە ڕۆژێکی شکۆدارە لە مێژووی ئەم شارە قارەمانەدا. لەو دەمەدا (ڕەشۆڵ)یش یەکێک دەبێ لەو کەسانەی بە تامەزرۆییەوە بەشداری ئەو کەرنەڤاڵە کەم وێنەیە دەکات، چونکە زۆر دڵسۆز و خۆشەویستی بارزانیی نەمر بووە.

ئەگەر بۆ ئەرشیف و وێنە دەگمەن و نایابەکانی ئەو ڕێوڕەسمی سەردانەی ئەوسای بارزانیی نەمر بگەڕێینەوە کە لە ڕۆژی ٣٠/ ١٠/ ١٩٥٨دا سەردانی شاری سلێمانی دەکات، ئەوە لە زۆربەی وێنەکاندا (ڕەشۆڵ)مان بۆ دەردەکەوێ کە لە زۆربەیاندا یاوەری بارزانیی نەمری کردووە، تەنانەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولیشدا چەند جارێ ڕەشۆڵ لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ناسراودا، یان بەتەنیا سەردانی بارزانی کردووە و وێنەی یادگاری لەگەڵدا گرتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم پیاوە چەند هۆگر و سەرسامی بارزانی بووە، بۆیە وەک زۆرێک لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد ڕووی کردووەتە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و هەر لەو ساڵەشدا نەخۆش دەکەوێ و لە ڕۆژی ١٤/٧/ ١٩٧٤ دا کۆچی دوایی دەکا و لە دەربەندی (ڕایات) لە سەرووی چۆمان بە خاک دەسپێردرێ.

(د. عەبدوڵڵا ئاگرین)، مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین، سەبارەت بە ڕەشۆڵ بۆمان دوا و گوتی: (ڕەشۆڵ)ی هونەرمەند و کوردپەروەر کەسایەتییەکی درەوشاوەی هونەری کوردی و شاری سلێمانییە، لە تافی لاوێتی تەمەنییەوە بەهرەی هەمە جۆری، پەلوپۆی خۆشەویستی، عەشقی جوانی و ڕەگوڕیشەی بێوەیی بە قووڵایی و ناخی خاک و خەڵکی سلێمانی و کوردستاندا ڕۆچووە، ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشەی خاوەن لەرەی ئاوازێکی بەچێژی ئەوتۆ بووە لەگەڵ هەموو ئەو دۆست و یارانەی سەردەمی خۆی لە کۆڕی هونەری خۆشەویستاندا پێی براوە، ئەوانە پێکەوە وەک کوری شار کۆڕی بەزم و ڕەزمی کات بەسەربردنیان سازکردووە، واتە گۆرانیان بۆ خۆشی خۆیان دەچڕی لە وێنەی دەنگخۆشانی شار وەک: مەلا کەریمی کارگەچی، مەلا عەزیزی مەلا خالیدی مەحوی، تەلە (تالب)، قادری حاجی حسێن، حەمەی بەکر و...تاد.

ڕەشۆڵی دەنگخۆش و خاوەن مەحشەر تۆڕی پێوەندی کۆمەڵایەتی فراوانی لەگەڵ توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی ئەدیب و ڕۆشنبیر و سیاسییەکانی خەڵکی سلێمانی و کوردستاندا هەبووە، ئەوێکی خاوەن نەفسی بەرز و عیزەتی هەڵکشاو، لە سەرەتای تەمەنی گوڵی لاویدا، نزیک بە شێخ مەحموودی حەفید و دواتر شێخ لەتیفی حەفید بوو، زۆرجار لەگەڵ هەناسە و شەوقی خۆی، ئەو بە یاوەری شێخ لەتیف دەچوون بۆ لای مەلا ئەسعەدی مەحوی و لە خانەقاکەیدا، بە دەنگە سازگارەکەی ئاهەنگێکی خەڵوەتییان دەگێڕا.

ئەو پێوەندییەی ڕەشۆڵ لە ساڵانی١٩٤٠- ١٩٤٣ پردی پێوەندییەکی بەهێزتری لەگەڵ شێخ لەتیف و مەلا ئەسعەدی مەحوی دروست کرد، لەو دەمەی هەوری ستەمی ڕژێمی حکوومەتی ئێراق، تیشکی ڕووناکی ئاسمانی سافی کوردستانیان دەتەنی و جەوری ناهەقییان گەیاندە سەرکردە خەمخۆر و شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی باشووری کوردستان و سزای ناڕەوای بەکۆمەڵی بەسەر خاوخێزانی هۆزی بارزانییەکاندا دا، شێخ ئەحمەد و بارزانیی نەمریان دەربەدەر و نەفی کرد.

ڕەشۆڵ، یەکێک بوو لە خەڵکی ڕەسەنی شار زووبەزوو خۆی گەیاندە لای مەلا مستەفا بارزانی و جەمسەری دڵسۆزیی لەگەڵدا گرێ دا، هەرچەندە ڕەشۆڵ دەوڵەمەندێکی سەرمایەدار نەبوو، وەلێ ئەوەی لە دەستی دەهات و دەیتوانی دڵی بارزانی مستەفای پێ شاد کا، کردی. سەرمایەی ئەو قسە بەتام و چێژەکانی بوو، ئەوە ئەزموونی ژیان و تەمەنی هەڵچووی ڕەشۆڵ بوو، فێری ئەو عەشقە و شارەزای ئەو ڕێگا ڕاستەی کرد بوو، کە بارزانی دڵسۆز و خەمخۆری دۆزی ڕەوای کوردە، ئەوەش وای لێکرد بوو، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٥٨ بۆ کوردستان و لە کاتی سەردانی



**ساڵی ١٩٥٩، شاری سلێمانی، سەردانی بارزانی بۆ شارەکە دوای گەڕانەوەی لە یەکێتیی سۆڤیەت و بەسەرکردنەوەی چین و توێژەکان کە لە وێنەکەدا (ڕەشۆڵ)ی هونەرمەند دیارە.**

بارزانی لە ڕۆژی ٢٥/١٠/١٩٥٨ بۆ سلێمانی، بڕیاری دا لەگەڵ مەلا محەمەدی خەیاڵدا پێکەوە بچنە ماڵی شێخ لەتیف و سەرلە نوێ بە دیداری بارزانی شاد بن.

ئەو هەناسەی خۆشەویستییەی ڕەشۆڵ بۆ بارزانی وای کرد، ڕەشۆڵ پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و پێشمەرگە و خەڵکە تێکۆشەرەکانی کورد بووە و تا ئەو ساتانەی کۆچی ماڵئاوایی، لە عەشقی جوانپەرستی و هونەر و ئاواز و مۆسیقا و ڕاستی و دڵسۆزی بۆ کورد کرد، هەر لە بەرەی نەتەوەپەروەرانی کوردستاندا بووە.

(جیهان عومەر)ی چیرۆکنووس، کە هاوڕێیەکی نزیکی ڕەشۆڵی هونەرمەندە لەم بارەیەوە دواندمان، ئەویش باسی لە پێگەی گۆرانییەکانی ڕەشۆڵ لە ئاوازی کوردیدا کرد و وتی: ئەوەی مەبەستمە لەم بابەتە لە هونەری گۆرانی وتن و ئاوازی کوردی لە باشووری کوردستان بدوێم، بەتایبەتی لەو ستایلەی کە ڕەشۆڵ وەک پیاوێکی سیاسی و ڕێچکە، نەتەوەیی گۆرانییەکانی دەچڕی و خەڵکانێکی زۆریش ئەوکاتە ئەو جۆرە ستایلەیان زۆر بەلاوە پەسەند و جوان دەهاتە بەر گوێچکە و لە ئاهەنگ و ڕووداوەکان و بۆنە و فیستڤاڵەکاندا حەزیان لێی بوو.

ڕەشۆڵ خۆی ناوی (حەمە ڕەشید حاجی عەبدوڵڵا)یە کە بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەیەکی کۆیە و لە خۆشەویستیدا خەڵکی سلێمانی ناوێکی تایبەتیان پێوە لکاندبوو بە ناوی (ڕەشۆڵ) بانگیان کردووە، هەر ئەم ناوە هونەرییە بوو کە لە هەموو بۆنە تایبەتییەکاندا ناو دەبراو کە دەچووە سەر شانۆ ئاوازەکانی دەچڕی و خەڵکی بە پەرۆشەوە گوێیان لێدەگرت.

ئەم پیاوە تەنیا هونەرمەند نەبوو، بەڵکو پیاوێکی سیاسی نەتەوەپەروەر بوو کە ئەوە لەگەڵ هونەرەکەیدا یەک تەریب بوون، بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە پێگەیەکی سیاسی و هونەری و لەلایەن سەرکردەو ناودارانی ئەو کاتەی کوردەوە جێگا و ڕێگایەکی تایبەتی خۆی هەبێت و خۆشەویست بێت لەلایان، بەتایبەتی ئەو یەکێک بوو لە ئەندامە ناودارەکانی ئەو سەردەمەی پارتی دیموکراتی کوردستان، جگە لەوەی لەو کاتەدا شان بەشانی ئەم هونەرمەندە، هونەرمەندێکی تری کورد ناوبانگی خۆی هەبوو ئەویش (قادری حاجی حسێن) بوو.

ئەوەی مەبەستمە زیاتر لێرەدا باسی بکەم و لێی بدوێم، دوو ڕووداوی مێژوویی ئەو هونەرمەندەیە ئاگاداری بووم: لە ساڵی حەفتاکاندا بوو، واتە دوای دەرچوونی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار/ ١٩٧٠، بەهۆی یەکێک لە ئاهەنگەکانی (کارگەی جگەرەی سلێمانی)یەوە کە ئامادەیان کردبوو، لە شانۆکەی کارگەی جگەرە بە بۆنەیەک لە بۆنەکان، (ڕەشۆڵ) یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت کرابوو، بەڵام بۆ هاوبەشیکردن لە ئاهەنگەکەدا نەبوو، بەڵکو هەر وەک یەکێک لەوانەی بانگهێشت کرابوون. بەندە ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەکە بووم، ئەوکاتەیش بەڕێز (شەفیق ئەحمەد ئاغا) لە سلێمانی لێپرسراوی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی جگەرەی سلێمانیش بوو، دوای ئەوەی چەند بڕگەیەکم لە بەرنامەکە پێشکەش کرد (شەفیق ئاغا) ئاماژەیەکی بۆ کردم و بانگی کردم، بەچرپە پێی وتم کە داوا لە هونەرمەند (ڕەشۆڵ) بکەم بۆ بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکەدا، منیش وتم: داوام لێ کردووە بۆ هاوبەشی کردنی، بەڵام ڕەتی کردەوەو دەڵێ گۆرانی ناڵێم، بەڵام شەفیق ئاغا وتی تۆ بیکە بە موفاجەئە و پێشکەشی بکە، ئەو کاتە ناتوانێ بڵێت نایەم بۆ سەر شانۆکە. دوای چەند بڕگەیەک ئەو ڕاسپاردەیەم جێبەجێ کرد و (ڕەشۆڵ)م پێشکەش کرد، بەڵام ئەو زۆر بە نارەزاییەوە و مۆڕەکردنەوە هەستاو هاتە

سەر شانۆکە و بە گوێچکەمدا قسەیەکی چرپاند و منیش پێکەنیم، دوای ئەوەی گـۆرانییـەکـانی وت، کـە هاتمەخـوارەوە، شەفـیق ئاغـا چرپاندی بە گوێمدا وتی: ئەوە بە چرپە چی پێ وتی و تۆش پێکەنیت، دیارە پێی زانی کە من تووشم کردووە، وتم دیارە خۆت دەزانی چی وتووە، شەفیق ئاغا پێکەنی و وتی دەزانم چی وتووە.

ڕووداوی دووەم: ئەوە بوو کە دوای هەڵگیرساندنەوەی شـۆڕشی کـورد لە سـاڵی ١٩٧٤دا ئەو کـاتە من خـۆم و خـێـزانەکـەم چووبووینە شـارۆچکەی پێنجـوین، بە هۆی ئەوەی لە (فرۆشگای شۆڕش) بەناوونیشانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری فـرۆشگا لە لایەن شـۆڕشـەوە دانرابووم و ڕۆژانە سـەردانی (بناوەسـووتە)م دەکـرد کـە جـێگای کـارەکـەمـان بوو، گـەنجـینەکـان و ئـیدارەکـەمـان لەوێ دامەزرابوو، ئێـواران دەگەڕامەوە بۆ پێنجـوێن، زۆر کات لەگەڵ هونەرمەند (ڕەشۆڵ) دەکەوتینە پیاسەکردن بۆ خوار شـارۆچکەکـە و قـسـەکـردنمان لەسـەر هونەر و دوا ڕۆژی هونەری کوردی، بەتایبەتی گۆرانی کوردی بوو، تەنانەت زۆر جار ئەوەی دووپات دەکردەوە کە شۆڕش سەرکەوت و گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، ئەو دەچێتە تەلەڤزیون و هەمـوو گـۆرانییـەکـانی تۆمـار دەکـات، بە تایبـەتی دەیوت کۆمەڵێک گۆرانی چاکم هەیە و ئامادەم کردووە بۆ ئەوەی بەو بۆنەیەوە تۆمـاری بکەم، بەم شـێـوەیە مـاوەیەک لە پێنجوین ماینەوە تاکو شەوێک ئاگاداریان کردینەوە، کە پێویستە پێنجوین چۆڵ بکەین، چونکە ڕژێم نیازی هەیە هەمـوو شـارۆچکەکـان بۆردومـان بکات، لەبەر ئەوە هەر ئەو شـەوە خـۆم و مـاڵ و منداڵم گـواسـتـەوە بۆ گـوندی (بناوەسووتە) بۆ ئەو گەنجینەیەی کە بەکارم دەهێنا وەک گەنجینەی فرۆشگا، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە تاوەک کار بۆ ئەوە بکەم منداڵەکـانم بگوێزمـەوە بۆ یەکـێک لە گوندەکـانی وڵاتی ئێـران، هەر ئەو بەیانییـە زوو هێشـتـا لەخەو هەڵنەسـتـابووین کە لە دەرگـای خـانووەکە درا و منیش بە خێزانەکەمم وت ئابزانە کێیە. خۆشم هەستام کە دەڕوانم (ڕەشۆڵ)ـە لە پێشی جێبێکدا دانیشتووە و قۆڵی لێ هێناوەتە دەرەوە، بە خێزانەکەمی وت: (ئادەی بە جـیـهـان بڵێ بابێـتـە دەرەوە ئیـشم پێی هەیە). خێزانەکەم پێی وت: بەم بەیانییە زووە خێرە ئیشی چیت پێی هەیە؟). ئەویش وتی: (دەبڕۆ بانگی کـە دەڵێی حومەی براتی و کۆمەڵێک قژت خستۆتە سەرسەرت). خێزانەکەشم لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە قسانەی لەگەڵ دەکرد پێی وت: (دەبڕۆ ورگ قابلەمە)، ئێمەش دەستمان کرد بە پێکەنین.

ئەمە ئەو پیـاوە هونەرمەندە سیاسییە گەورەیە بوو، تاکـو ئەو ڕۆژەی لە پێناوی مـەسـەلەیەکی پیـرۆزی نەتەوایەتی لەنێو شۆڕشدا چاوەکانی لێکنا، خۆی کردە یەکێک لەو قوربانیانەی شۆڕشی نەتەوەی کورد.

هەزاران درووود بۆ گیـانی پاکی هونەرمـەندی کـورد و کوردایەتی خاڵە ڕەشۆڵ.